# عێراق؛ وڵاتی بێ بودجە و داهاتێکی سەروو 100 ملیار دۆلاری لە 2022

16-03-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : مانگی شوبات لە مانگەکانی دیکەی ساڵ کەمترە، بەڵام داهاتی نەوتی عیراق لەو مانگە بەرزترین ئاستی مانگانەی لەماوەی دەیەی رابردوودا تۆمارکرد و نزیکەی دوو هێندەی هەموو بودجەی 2022ی سووریا و کۆی بودجەی دەوڵەتێکی وەک سودان بووە.

**مەحموود بابان*** ـناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو |

**بەرایی**

مانگی شوبات لە مانگەکانی دیکەی ساڵ کەمترە، بەڵام داهاتی نەوتی عیراق لەو مانگە بەرزترین ئاستی مانگانەی لەماوەی دەیەی رابردوودا تۆمارکرد و نزیکەی دوو هێندەی هەموو بودجەی 2022ی سووریا و کۆی بودجەی دەوڵەتێکی وەک سودان بووە.

بەردەوامیی گۆڕانکارییەکان لە نرخی نەوت، زیادبوونی ناسەقامگیری لە بازاڕی نەوت و گازدا، وایکردووە کۆمپانیا و ناوەندەکانی وزە پێداچوونەوە بە ئاسۆی نرخی نەوت لە ئەمساڵ و ساڵی داهاتوودا بکەن. بەپێی پێداچوونەوەکان ئەمساڵ نرخی نەوت دەرفەتێکی زێڕین بە عێراق دەدات بۆ بنیاتنانی ژێرخانی ئابوورییەکی بەهێز، ئەویش بەهۆی ئەوەی داهاتی عێراق نەک سێ هێندەی 2020 و دوو هێندەی ساڵی رابردوو کە لە بودجەدا هاتبوو دەبێت، بەڵکو دەتوانرێت یەدەکی دراوی بیانی عێراق بگەیەنێتە ئاستێکی مێژوویی بەهۆی نرخی دینار بەرامبەر دۆلار، بەڵام هەنگاوی سەرکردە عێراقییەکان، بەتایبەتیش شیعەکان و، بڕیارەکانی رۆژی 8ی ئاداری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، خوێندنەوەیەکی لەوشێوەیەی وەک بنیاتنانی ژێرخان و بەدامەزراوەییکردن و کەمکردنەوەی گەندەڵی و بوژاندنەوەی ئابووری لێوە نابینرێت.

لەڕاستیدا، لەوانەیە ئەو داهاتە سەرروو 100 ملیار دۆلارییە زیاتر بێت ئەگەر عێراق ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی بەرزبکاتەوە و نرخی نەوتیش بەوشێوەیە بێت کە ئێستا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە ئایا داهاتی نەوتی عێراق لە 2022دا چەند دەبێت (کە کۆی داهاتەکەشی هەر نەوتە)؟ وڵاتێکی سەرروو 100 ملیاری بەبێ بودجە روو لە بنیاتنانی ژێرخان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان و سەرخستنی پیشەسازی و بەگەڕخستنەوەی کارگەکان دەکاتت یاخود داواکاری لایەنەکان و کەسایەتییەکان و پاکیجە مرۆییەکان زیاتر دەکات، کە رۆژ بە رۆژ هەژاری و بێکاری و نائارامی لە عێراق زۆرتر دەکەن؟

**داهاتی نەوتی عێراق لە 2022دا**

ئابووری وڵاتان لەسەر باج و رسومات بەڕێوەدەبرێت، زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش داهاتی سەرچاوە سرووشتییەکانیان یاخود هەر سەرچاوەیەکی دیکەی دەرەوەی باج و رسومات لە ژێرخان و بنیاتنانی ستراتیژی وڵات خەرج دەکەن، بەڵام لە عێراق پێدانی موچەی فەرمانبەران و خەرجییەکانی کەرتی گشتی و پرۆژە کاتییەکانیش لە داهاتی سەرچاوە سرووشتییەکان(نەوتەوە) دێت، کە زیاتر لە 95%ی هەناردەی عێراق و نزیکەی 82%ی کۆی داهاتی ساڵانەی پێکدەهێنێت.

ئێستا هەموو کۆمپانیا گەورەکان و دامەزراوەکانی پەیوەست بە نەوتەوە پێداچوونەوەیان بە راپۆرتی ساڵانەی خۆیان لەبارەی ئاسۆی نرخی نەوت لە 2022دا کردووە، لەو نێوەندەدا ئاژانسی زانیاری وزەی ئەمریکا eia پێشبینەدەکات نرخی نەوت لە مانگی ئادار 117 دۆلار بێت، لە چارەکی دووەمی ئەمساڵدا 116 دۆلار و لەنیوەی دووەمی 2022دا 102 دۆلاربێت[1]، هەروەها گۆڵدمان ساکس، پێداچوونەوەی بە راپۆرتی ئاسۆی نرخی نەوت کردووە، بەشێوەیەک پێش شەڕی ئۆکراینا و رووسیا نرخی نەوت لە 2022دا بە 98 دۆلار و لە 2023دا بە 105 دۆلار دانابوو، بەڵام ئێستا نرخی نەوتی بۆ ئەمساڵ بە 135 دۆلار و بۆ ساڵی 2023 بە 115 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک داناوە[2].

لە لایەکی دیکەوە، لەسەر بنەمای پێشبینییەکان بۆ گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی جیهان GDP پێشبینەدەکرێت خواست و داواکاری بۆ نەوت لە ئەمساڵدا بگاتە 100.23 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، کە ئەمەش 3.5 ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانەی لە 2019 زیاترە کە 98.27 ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانە بووە، هەربۆیەش چاوەڕواندەکرێت نرخی یەک بەرمیل نەوت لە سەرروو 100 دۆلارەوە مامەڵەی پێوەبکرێت.[3]

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بە هەر یەکێک لەو سیناریۆیانەی سەرەوەی نرخی نەوت بێت لە 2022دا، ئەوا داهاتی نەوتی عێراق دەگاتە سەرروو 110 ملیار دۆلار لە ئەمساڵدا، وەکو لە خشتەی یەکەمدا هاتووە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە چاوەڕواندەکرێت بڕی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ دەرەوە لەم مانگە و مانگەکانی داهاتوودا زیاتر بکرێت، ئەویش بەهۆی کۆتایهاتنی رێککەوتنی ئۆپێک پڵەس و سەپاندنی ئابڵۆقەی سەر نەوتی رووسیا لە لایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە.

**خشتەی 1: داهاتی مانگانەی نەوتی عێراق لە 2022دا**

| مانگەکانی 2022 | بڕی نەوتی هەناردەکراو لە کێڵگە نەوتییەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق (بەرمیل) | بڕی نەوتی هەناردەکراو لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک (بەرمیل ) | کۆی گشتی نەوتی هەناردەکراو لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق (بەرمیل) | تێکڕای کۆی گشتی نەوتی هەناردەکراو بە بەرمیل لەرۆژێکدا (ملیۆن) | تێکڕای نرخی یەک بەرمیل نەوتی هەناردەکراوە بە ( دۆلار) | تێکڕای نرخی یەک بەرمیل نەوتی هەناردەکراوە بە ( دۆلار) | کۆی داهاتی مانگانەی نەوتی عێراق بە ( ملیار، دۆلار) | کۆی داهاتی مانگانەی نەوتی عێراق بە ( ملیار، دۆلار) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **کانوونی دووەمی** | 96,430,596 | 2,545,656 | 99,286,078 | 3.203 | 83.825 | 83.825 | 8.23 | 8.23 |
| **شوبات** | 91,314,828 | 1,475,345 | 92,790,173 | 3.314 | 92.083 | 92.083 | 8.54 | 8.54 |
| **ئادار** | 95,000,000 | 2,000,000 | 97,000,000 | 3,225 | 135* | 100** | 13.095 | 9.7 |
| **نیسان** | 95,000,000 | 2,000,000 | 97,000,000 | 3,225 | 135 | 100 | 13.095 | 9.7 |
| **ئایار** | 95,000,000 | 2,000,000 | 97,000,000 | 3,225 | 135 | 100 | 13.095 | 9.7 |
| **حوزەیران** | 95,000,000 | 2,000,000 | 97,000,000 | 3,225 | 135 | 100 | 13.095 | 9.7 |
| **تەمموز** | 95,000,000 | 2,000,000 | 97,000,000 | 3,225 | 135 | 100 | 13.095 | 9.7 |
| **ئاب** | 95,000,000 | 2,000,000 | 97,000,000 | 3,225 | 135 | 100 | 13.095 | 9.7 |
| **ئەیلوول** | 95,000,000 | 2,000,000 | 97,000,000 | 3,225 | 135 | 100 | 13.095 | 9.7 |
| **تشرینی یەکەم** | 95,000,000 | 2,000,000 | 97,000,000 | 3,225 | 135 | 100 | 13.095 | 9.7 |
| **تشرینی دووەم** | 95,000,000 | 2,000,000 | 97,000,000 | 3,225 | 135 | 100 | 13.095 | 9.7 |
| **کانوونی یەکەم** | 95,000,000 | 2,000,000 | 97,000,000 | 3,225 | 135 | 100 | 13.095 | 9.7 |
| **کۆی گشتی** | 1.137 (ملیار-بەرمیل) | 24,021,001 | 1.162 (ملیار-بەرمیل) | 3.247 | 135 | 100 | 147.72 | 113.77 |

تێبینی، لەمانگی ئادارەوە پێشبینکراوە لەسەر بنەمای داتاکانی مانگی کانوونی دووەم 2022 بۆ بەرهەمهێنانی کێڵگەکان و هەناردەکردن لە مانگەکانی دیکەی 2022دا.

*نرخی نەوت، لەمانگی ئادارەوە لەسەر بنەمای گۆڵدمان ساکس بۆ نرخی نەوت لە 2022 دانراوە.

** نرخی نەوت، لەمانگی ئادارەوە لەسەر بنەمای رایستاد ئینرجی بۆ نرخی نەوت لە 2022 دانراوە.

سەرچاوە: وەزارەتی نەوتی عێراق

هەروەها، لەوانەیە ئەمساڵ عێراق بەرزترین ئاستی داهات لەماوەی زیاتر لە دەیەی رابردوودا تۆماربکات. بەپێی هەریەکێک لەو سیناریۆنەی سەرەوە بێت، ئەوا لە ئەمساڵدا داهاتی نەوتی عێراق لەنزمترین نرخی نەوتدا دەگاتە 113.37 ملیار دۆلار و لە بەرزترین نرخی نەوتدا دەگاتە 147.7 ملیار دۆلار، کەواتە بەپێی داتاکانی مانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتی 2022 لەبارەی هەناردەکردن و بەرهەمهێنانی کێڵگەکانی نەوتی نێوەڕاست و باشوور و کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک، عێراق بەشدارییەکی کارای هەبووە، بەشێوەیەک لەمانگی یەکدا بە 2.54 ملیۆن بەرمیل و لە مانگی دوو دا بە 1.47 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە بەشداریی لە هەناردەکردنی نەوت لەرێگەی بەندەری جەیهانەوە هەبووە.

لە دەیەی رابردوودا نزمترین داهاتی نەوتی عێراق لە 2020دا تۆمارکراوە، کە تەنیا 41.8 ملیار دۆلار بووە، لەوانەیە بەرزترین ئاست لە ئەمساڵدا تۆمار بکرێت کە لەوانەیە 113.7 یاخود 147 ملیار دۆلار بێت وەکو لە خشتەی دووەمدا هاتووە.

**خشتەی 2: داهاتی نەوت و بڕی هەناردەکردن و نرخی یەک بەرمیل نەوت لە 2010وە بۆ 2022**

| ساڵ | بڕی نەوتی هەناردەکراو ( ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا ) | نرخی یەک بەرمیل نەوتی هەناردەکراوە (دۆلار) | داهاتی نەوتی عێراق (ملیار ـدۆلار) |
|---|---|---|---|
| **2010** | 1.89 | 75.63 | 52.2 |
| **2011** | 2.16 | 105.03 | 83 |
| **2012** | 2.42 | 106.16 | 94 |
| **2013** | 2.39 | 102.31 | 89.2 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **2014** | 2.52 | 92.22 | | 84.1 | |
| **2015** | 3 | 44.66 | | 49 | |
| **2016** | 3.3 | 36.02 | | 43.6 | |
| **2017** | 3.31 | 49.17 | | 59.5 | |
| **2018** | 3.5 | 65.51 | | 83.7 | |
| **2019** | 3.53 | 61.07 | | 78.8 | |
| **2020** | 3 | 38.49 | | 41.8 | |
| **2021** | 3.02 | 68.37 | | 75.6 | |
| **2022*** | 3.25 | 135 | 100 | 147.72 | 137.7 |

*لەمانگی ئادارەوە بڕی هەناردەکردن و نرخ نەوت پێشبینکراوە.

سەرچاوە. بڵاوکراوەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، سۆمۆ و میس

**بێ بودجەیی عێراق و بودجەی وڵاتانی دراوسی و ناوچەکە**

زیاتر لە پێنج مانگە هەڵبژاردنی گشتی لە عێراق کراوە و براوە و دۆڕاوەکان دەرکەوتووە، بەڵام ئاسۆی پێکهێنانی حکومەتی نوێ دیار نییە و نازانرێت کەی سەرۆککومار هەڵدەبژێردرێت تاوەکو سەرۆکوەزیران رابسپێرێت و ئەمیش ناوی کابینەکەی لە پەرلەمان بخوینێتەوە. هەروەها، زیاتر لە سێ مانگیشە عێراق نەک هەر بودجەی 2022ی نییە، بەڵکو لەوانەشە ئەوەی ئەم کابینەیە کاری لەسەرکردبێت بۆ ئامادەکردنی بودجەی 2022، رەتبکرێتەوە! ئەمە جگە لە دووبارەبوونەوەی چیرۆکی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و داواکاری سەرکردە عێراقییەکان لەسەروو هەموویانەوە موقتەدا سەدر، کە بەم دواییانە دەڵێت تەنیا بانگکردنی وەزیری دارایی بۆ پەرلەمان بەس نییە، دەبێت لەمانگی رەمەزاندا نرخی کاڵاکان کەمبکرێتەوە! کەواتە چاوەڕواناکرێت عێراق بەم زووانە بودجەی 2022ی هەبێت.

ئێستا لەبەر نەبوونی بودجەی 2022، عێراق کار بەپێی یاسای بودجەی 2021 بۆ راییکردنی کاری وەزارەتەکان و دابەشکردنی بودجە لەسەر 1/12 بودجەی خەرجێیەکانی ساڵی 2021 دەکات، کە بودجەی 2021 عێراق بەنزیکەی 89.65 ملیار دۆلار دانرابوو و نرخی نەوتیش لە بودجەدا بە 45 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك دانرابوو[4].

سەرەتای ئەمساڵیش، د. مەزهر محەممەد، راوێژکاری سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ کاروباری دارایی رایگەیاندبوو" پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی فیدراڵیی عێراق لەساڵی 2022، جیاوازییەکی بنچینەیی نییە لەڕووی داڕشتنی کۆی بودجەکەوە، بە تایبەت لە خەرجکردندا، کە رەنگە 10٪ زیاد بکرێت. هەروەها، نرخی بەرمیلێک نەوت بە 50 دۆلار خەمڵێندراوە، لە کاتێکدا هەناردەمان بە رۆژانە 3.4 ملیۆن بەرمیل داناوە[5]"، کەواتە ئێستا ئەو بودجەیەی بۆ 2022 ئامادە دەکرێت لەرووی داهاتی نەوتەوە هێندەی خۆی زیادەی دەبێت، ئەمەش دەرگای حکومەتی ئێستا و داهاتوو بۆ خەرجکردنی زیاتر دەکاتەوە.

رۆژی 8ی ئادار ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق چەند بڕیارێکی دەرکرد وەک پێدانی بڕی 100 هەزار دینار بۆ خانەنشینان، فەرمانبەران، چاودێرانی کۆمەڵایەتی ئەو کەسانەی هیچ داهەتیکیان نییە، ئەوەشی بەناوی گرانی بژێوی خەرجکرد[6] کە لەڕاستیدا دەرکردنی ئەم بڕیارە وەڵامی داوایەکی موقتەدا سەدر بوو، کە داوایکرد نرخی دۆلار بەرامبەر دینار دابەزێنرێت بۆ پێش 2020، بەڵام لەبەرئەوەی بودجە نییە، بانکی فیدراڵی و وەزارەتی داراییش رەتیانکردەوە، حکومەتەکەی کازمی وەک وەڵامی داواکاری دووەمی موقتەدا سەدر بۆ مانگی رەمەزان و لەبەر رۆشنایی نرخی نەوت لەم مانگە و ئەمساڵدا، ئەو بڕیارەی دەرکرد.

لەنێو وڵاتانی دراوسی و تەنانەت وڵاتە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکانی ناوچەکەشدا ئەوە تەنیا عێراقە بەبێ بودجە کارەکانی بەڕێدەکات، بۆ نموونە ئێران سەرەڕای ئەو هەموو گەمارۆ و ئابڵۆقە ئابووری و سیاسییە لەسەریەتی، ساڵانە لەکاتی خۆیدا بودجەی ئامادەیە و بۆ ساڵی 2022ش ئامادەیە. رەئیسی لە 12ی کانوونی دووەمی 2021دا رادەستی کردووە، کە 121 ملیار دۆلار بووە[7]. هەروەها، وڵاتی سووریا سەرەڕای بەردەوامی شەڕ و وێرانەیی، بودجەی 2022ی پەسەندکرد و بە 5.3 ملیار دۆلار، کە نزیکەی نیوەی داهاتی یەک مانگ لە دوانزە مانگەکەی عێراق دەکات[8].

تورکیا دوای 12 رۆژ گفتوگۆ لە 18ی کانوونی یەکەمی 2021دا لە پەرلەمان بودجەی 2022ی پەسەندکرد کە 104.9 ملیار دۆلار بوو[9]،

ئەمە لەکاتێکدا تورکیا سەرچاوەیەکی ئەوتۆی لەداهاتی سامانی سرووشتی نییە، کە ئاماژەی بۆ بکرێت، سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ دۆزینەوە یاخود دەستبەسەراگرتنی ناوچەیەکی نەوتی یاخود گازی لەهەر دراوسێکییەوە بێت.

بودجەی شانشینی ئوردن بۆ 2022، نزیکەی 14.105 ملیار دۆلار بو[10]و، کە ئوردن جگە لە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان و داهاتی دەروازە سنوورییەکانی هیچ داهاتێکی دیکەی نییە، وەک وەزیری دارایی عێراق لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی بۆ کردبوو کە 97% داهاتی دەروازە سنوورییەکانی ئوردن بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە، بەڵام لە عێراق 10% بۆ دەوڵەت ناگەڕێتەوە، بەڵام جێگری سەرۆکوەزیرن و وەزیرەکەی دارایی پێ نەگوتین بۆ کێ دەگەڕێتەوە!

بودجەی وڵاتە بچووکەکەی کەنداویش کە قەتەرە بۆ 2022 لەسەرەتاکانی مانگی دوانزەی 2021دا پەسەندکرا، کە 56.13 ملیار دۆلار بوو، لەکاتێکدا نرخی نەوتی بە 55 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دانابوو، کورتهێنانی بودجەشی تەنیا 2.2 ملیار دۆلار بوو، بەڵام ئێستا لەسەروو 100 دۆلارەوە مامەڵەی پێوەدەکرێت[11].

گەورەترین هەناردەکاری نەوتی جیهان، پلانی خەرجکردنی 955 ملیار ریاڵ (254.6 ملیار دۆلار) بۆ 2022 داناوە، کە نزیکەی 6% لە خەرجییەکانی ساڵی رابردوو کەمترە، یەکەمجاریشە لە 2014وە چاوەڕوانبکرێت داهاتی سعودیە بەرێژەی 2.5% بۆ گەشەی بەرهەمی ناخۆیی یاخود بە بڕی 23.99 ملیار دۆلار لە خەرجییەکانی زیاتر بێت[12].

کوەیت میرنشینە بچووکەکەی تەنیشت عێراق، کە لە چەند رۆژی رابردوودا عێراق قەرزەکانی تەواو دایەوە، وەزارەتی داراییەکەی لە کۆتاییەکانی مانگی یەکی ئەمساڵدا رەشنووسی بودجەی 2022دا راگەیاند کە نزیکەی 74% کورتهێنانی لە بودجەی 2021 کەمترە، بەشیوەیەک کە کۆی داهاتەکان بە 18.8 ملیار دینار کوەیتی خەمڵێنراوە و خەرجییەکانیش بە 21.9 ملیار دینار، واتە کوەیت بە بڕی 3.1 ملیار دیناری کورتهێنانی دەبێت، ئەمەش لەکاتێکدا نرخی یەک بەرمیل نەوت بە 75 دۆلار دانراوە[13].

ئیسرائیل نەک لەسەرەتاکانی ئەمساڵدا، بگرە لە سەرەتاکانی مانگی 2021دا بودجەی 2022 پەسەندکرد و خەرجییەکانی بە 184 ملیار دۆلار دانا، کە بەپێی داتا بەردەستەکان زووترین بودجەی پەسەندکراوی ساڵانەیە لە ناوچەکەدا[14].

**کۆتایی**

عێراق لەرووی توانای مرۆییەوە ئەگەر لەو وڵاتانەی ناویان هاتووە زیاتری نەبێت کەمتری نییە، لەڕووی سەرچاوەی مادیشەوە بەهەمان شێوەیە، بەڵام لەڕووی حکومداری و دەوڵەتدارییەوە دەتوانرێت بنوسرێت جیاوازی گەورە هەیە. سەرەڕای جیاوازی گەورەش لە حکومڕانییەکاندا، بەڵام ئەوەی دەبینرێت تاوەکو دیموکراسی زیاتر بێت، ئاسانتر وڵات پێشدەکەوێت، وەکو لە کەیسی پەسەندکردنی بودجەی 2022ی ئیسرائیل بە بەراورد بەهەموو جۆرە جیاوازەکانی دیکەی حکومڕانی وڵاتانی ناوچەکە دەرکەوتووە.

لەلایەکی دیکەوە داهاتی نەوتی و نانەوتی (ئەگەر کۆبکرێتەوە) ئەوا داهاتی وڵاتی بێ بودجە کەم وێنە لەجیهاندا، بەڵام لە دوو ساڵی رابردوودا زۆر بە روونی دەرکەوت، کە ئەگەر داهاتی نەوت زیادبکات، بەدڵنیاییەوە داهاتی نانەوتی کەمدەکات بە پێچەوانەشەوە. کەواتە 2022 لەرووی داهاتەوە دەتوانێت گۆڕانکاری گەورە لەو مەترسیانەدا بکات کە لەوانەیە رووبەڕووی عێراق ببێتەوە، وڵات بە ئاراستەیەکی درووست ببات، و لە زۆری بێکاری، هەژاری، نەبوونی خزمەتگوزاری بنەڕەتی وەک تەندروستی، خوێندن، شەقامێکی خاوێن، کارەبا و ئاوێکی پاک و بەردەوام دڵنیا بکاتەوە. هەروەها، جیاوازی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانەکەی لەرووی داهات و دابینکردنی پێداویستی رۆژانە کەمبکاتەوە، کە ئێستا جیاوازییەکی گەورەی ژیانکردن دەبینرێت و بەرەو گەورەبوون دەڕوات!

لەکۆتاییدا، بەداهاتی 2022 و ساڵی رابردوو لەڕێگەی داڕشتنی پلانێکی وردی ستراتیژی هەمەلایەنە و پێداچوونەوە بە زۆربەی کەرتە جیاوازەکان دەتوانێت رووبەڕووی مەترسییەکانی چەند ساڵی داهاتوو ببێتەوە و کەمیانبکاتەوە، هەرچەندە مەترسییەکان سەرەتایین، بەڵام کاریگەرن کە هەڕەشە لە ئێستا و داهاتوو عێراق دەکات، بەکورتی ئەوانیش بریتییە لە:

- گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و وشکبوونی هۆڕەکان و کەمبوونەوەی هاتنی سەرچاوەکانی ئاو
- زۆری ژمارەی دانیشتوانەکەی بەشێوەیەک کە لە ناوچەکەدا نموونەی نییە.
- نەوەیەکی پڕ وزەی بێکاری کوڕ و کچ لەبەردەمە کە نازانرێت چی لە هەگبەیدا دەبێت.
- هەڕەشەی زیادبوونی گرووپە چەکدار و بێ چەکەکان جیاوازەکان و قولبوونەوەی کیشە ئەمنییەکان.
- زیادبوونی گرووپەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان (بازرگانان و بەکارهێنەران).
- کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی داهات و زیادبوونی گەندەڵی رێکخراو.
- نەبوونی سازان و دوورخستنەوەی لایەنە سیاسی و گرووپە جیاوازەکان.

- زیادبوونی هەژموونی مافیا گەرایی بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت
- سەندنەوەی متمانەی دامەزراوە فەرمییەکان و بە سیاسی کردنی کۆی کەیسە جیاوازەکان.
- تێنەپەڕاندنی بودجەی ساڵانە و کارکردن بە بودجەی ساڵانی رابردوو، زیادبوونی خەرجی لەناکاو!
- ئاڵۆزبوونی کیشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بەردەوامی و دووبارە بوونەوەی گفتوگۆکان

سەرچاوەکان


[1] /https://www.eia.gov/outlooks/steo

[2] /https://www.reuters.com/markets/europe/goldman-raises-oil-price-forecasts-russia-supply-shock-2022-03-08

[3] /https://www.schroders.com/de/ch/asset-management/insights/markets/outlook-2022-global-oil-markets

[4] https://www.reuters.com/article/iraq-budget-int-idUSKBN2BN3AI

[5] https://www.rudaw.net/sorani/business/16012022

[6] https://alsabaah.iq/61736/%D

[7] /https://kayhanlife.com/iran-protests/analysis-a-close-look-at-irans-2022-23-proposed-budget-bill

[8] https://www.middleeasteye.net/news/syria-approves-53-bn-budget-2022-economic-crisis-hits-finances

[9] https://www.dailysabah.com/politics/legislation/turkeys-2022-budget-approved-by-parliament

[10] https://www.arabnews.com/node/2024676/middle-east

[11] .https://mof.gov.qa/en/Pages/StateBudget2022.aspx#:~:text=H.E.,22.4%25%20over%20the%202021%20Budget

[12] https://assets.kpmg/content/dam/kpmg/sa/pdf/2021/budget-2022-en.pdf

[13] /https://www.reuters.com/world/middle-east/kuwait-draft-2022-2023-budget-sees-deficit-down-74-2022-01-24

[14] https://www.dw.com/en/israel-passes-2022-budget-in-key-win-for-naftali-bennett-coalition/a-59727445